وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

بەشی تەکنیکی کارگێری کار

قۆناغی چوارەم

# کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەند

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە بە وەرگرتنی نمونەیەک لە کارمەندانی وەزارەتی دارایی

ئامادەکردنی

زەکەریا حکیم حسن محمود | یوسف فەرهاد رئوف | محمد عبدالله

سەرپەرشتیار

م. باریزە بدیع محمد امین

٢٠٢٤ م

**بسم الله الرحمان الرحيم**

**اقرأ باسم ربك الذي خلق ﴿١﴾ خلق الإنسان من علقٍ ﴿٢﴾اقرأ وربك الأكرم ﴿٣﴾ الذي علم بالقلم ﴿٤﴾ علم الإنسان ما لم يعلم ﴿٥﴾**

صدق الله العظيم

(سورة العلق)

# تەرخانکردن

بۆ دایکو باوکی ئازیزمان کە هۆکاری بوونمان بوون شایەنی باشترینن مامۆستاکانمان هۆکارن کە لە تاریکی ژیانمان ڕێنوێنیان کردین بۆ ڕێگای چاک و بەسوود سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن و ئەوانەی لەکاتی دەرکەوتنی ڕوناکی خۆیان ناشارنەوە.

**توێژەران**

# سوپاس و پێزانین

ستایش بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیان بۆ هەموو ئەو نیعمەتانەی بە ئێمەی بەخشیووە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرپەرشتیارمان (م. باریزە بدیع محمد امین) دەکەین کە بە میهرەبانیەوە بەرپرسیاریەتی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمانی لە ئەستۆ گرت وە هاوکاربوو بۆ رێنمایکردنی ئێمە وە سوپاسی سەرۆک بەش و هەموو مامۆستاکانی بەشەکەمان دەکەین کەوا هاوکاربوون بە رێنمایەکانیان ئێمە زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە هاوکاریان کردین تەنانەت ئەگەر تەنها بە یەک وشەش بوبێت.

# پوختە


توێژینەوەکەمان ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەند بۆ کارمەندان لەوەزارەتی دارایی لێرەدا لە لایەنی تیۆری ئامانژەمان بە هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکەمان کردووە وە لەرێگای بڵاوکردنەوەی فۆرمی راپرسی لە وەزارەتی دارایی کەوا لە ئەنجامی دابەشکردنی ٦٠ فۆرم بەسەر کارمەنداندا ٥٢ لەوانە گەرێندرانەوە بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان لەلایەن توێژەرانەوە ئەنجام دراوە.

## لیستی ناوەرۆک


ئایەتی قورئان.......................................................................................٢

تەرخانکردن..........................................................................................٣

ڕێزوپێزانین...........................................................................................٤

پوختە...................................................................................................٥

لیستی ناوەرۆک.................................................................................٦،٧

**بەشی یەکەم/تەوەرەی یەکەم**/میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە.............................................٨

١.١پێشەکی............................................................................................٩

١.٢کێشەی توێژینەوە.............................................................................١٠

١.٣گریمانەی توێژینەوە...........................................................................١٠

١.٤گرینگی توێژینەوە.............................................................................١٠

١.٥ئامانجی توێژینەوە.............................................................................١٠

١.٦سنووری توێژینەوە............................................................................١١

**١.٧**نموذج البحث- نمونەی توێژینەوە ...........................................................١١

**تەوەرەی دووەم**/خوێندنەوەی پێشوو.............................................................١٢،١٣

بەراوردی نێوان توێژینەوەی خۆمان و ئەو توێژینەوانەی خوێندنەوەمان بۆ کردووە..........١٤

**بەشی دووەم**/ پێشەکی............................................................................١٦

تەوەرەی یەکەم/ژینگەی کارکردن...................................................................١٦

٢.١چەمکی ژینگەی کارکردن.........................................................................١٦

٢.٢پێناسەی ژینگەی کارکردن........................................................................١٧

٢.٣گرینگی ژینگەی کاکردن.....................................................................١٧،١٨

٢.٤جۆرەكانی ژینگەی كاركردن.......................................................١٨

٢.٥رەهەندەكانی ژینگەی كاركردن.....................................................١٩

**تەوەرەی دووەم**/ئەدای كارمەند.................................................٢٠

٣.١چەمكی ئەدای كارمەند.............................................................٢٠

٣.٢پێناسەی ئەدای كارمەند............................................................٢٠

٣.٣گرینگی ئەدای كارمەند.............................................................٢١

٣.٤جۆرەكانی ئەدای كارمەند.......................................................٢١،٢٢

٣.٥رەهەندەكانی ئەدای كارمەند......................................................٢٢

**بەشی سێیەم**/ تەورەی یەكەم/ وەسفكردنی نمونەی توێژینەوەكە.......................٢٣

٤.١ وەسفكردنی نمونەی توێژینەوەكە...............................................٢٤-٢٧

**تەوەرەی دووەم/ وەسفكردن و دەستنیشانكردنی گۆراوی توێژینەوەكە**.........................٢٨

٥.١ گۆراوی یەكەم/ ژینگەی كاركردن..........................................٣٢-٢٨

٥.٢ گۆراوی دووەم ئەدای كارمەند..............................................٣٣-٣٧

**بەشی چوارەم**...........................................................................٣٨

٦.١دەرئەنجام....................................................................................٣٩

٦.٢پێشنیار..................................................................................٣٩،٤٠

٦.٣ سەرچاوە....................................................................................٤٠

فۆرمی راپرسی...........................................................................٤١-٤٣

## بەشی یەکەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەرەی یەکەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

### تەوەرەی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم/ میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

### ١.١ پێشەکی

دامەزراوەو رێکخراوە سەرکەوتووەکان بۆیان دەرکەوتووە کە گرینگترین شت کە شایستەی گرینگی پێدان بێت لە کارەکانیان ئەوەیە گرینگی بە ژینگەی کارکردنی کارمەندەکان بدەن چونکە ئەوەی رێکخراوەکان لە لوتکەو بە بەهێزی دەهێڵێتەوە وە ئەزموون و لێهاتووی کارمەندەکانیانە لە کارەکانیان دا کە بۆ رێکخراوەکەی ئەنجام دەدەن ریکخراوەکان دەیانەوێت فەرمانبەرەکانیان تا بەرزترین ئاست پێشبکەون بیرۆکەو بۆچونەکانیان بەرەوپێشەوە ببەن بۆ ئەوەی لە بوارەکانی خۆیاندا داهێنەر بن و یارمەتی رێکخراوەکەیان بدەن بۆ پێشکەوتن لەم دوایانەداگرینگیدان بە ژینگەی کارکردن لە دامەزراوەو رێکخراوەکاندا بەهۆی کاریگەریەکانیەوە گرینگی زۆری پێ دەدرێت کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر کارایی کارکردنی فەرمانبەرەکان وادەکات کاری داهێنەرانە ئەنجام بدەن باشکردنی ژینگەی کارکردن ئامرازی سەرەکیە بۆ باشترکردنی تواناو ئەدای فەرمانبەران و پەرەپێدانیان و زیادکردنی کاراییەکانیان پێویست دەکات بەرێوەبەری دامەزراوە ورێکخراوەکان زۆر گرینگی بدات بە ژینگەی کارکردن و شێوازی گونجاندنی لەگەڵ بارەدۆخەکان کە لەهەمان کاتدا گرینگی دان بە ژینگەی کارکردن یارمەتی دامەزراوەکان دەدا توانای مانەوەیان هەبێت و داهێنان مسۆگەر دەکات دەبێت ژینگەی کارکردن هاوسەنگ بێت لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیا بۆ پشتگیریکردنی ژینگە بە نوێترین ئامێری مۆدێرن بە مەبەستی زیادکردنی رێژەی سەرکەوتن وئاسانکاری پرۆسەی کارایی ئەدای کار و نەبوونی گلەیی لەلایەن کارمەندەکانەوە بەو پێیەی بەدەستهێنانی کارایی ئامانجێکی سەرەکی دامەزراوەو رێکخراوەکانە وادەکات رێکخراوەکە بەهێز بێت و پشتیوانی دەکات ئایندەیەکی ئومێد بەخشی بۆ بنیاد دەنێت لە دامەزراوەکانی تر جیای دەکاتەوە ژینگەیەکی باشی کارکردن توانای لێهاتووی فەرمانبەرەکان بەرەو پێش دەبات.

**١.٢کێشەکانی توێژینەوە**

١- ئایا ژینگەی کارکردن تا چەند کاریگەری لەسەر ئەدای کارمەندەکان هەیە لە وەزارەتی دارایی؟

٢- مەبەست چیە لە ژینگەی کارکردن ؟

٣- مەبەست لە ئەدای کارمەند چیە ؟

**١.٣ گریمانەی توێژینەوە**

١- ژینگەی کارکردن کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارمەندەکانی وەزارەتی دارایی.

٢- ژینگەی کارکردن کاریگەری نیە لەسەر ئەدای کارمەندەکانی وەزارەتی دارایی.

**١.٤گرینگی توێژینەوە**

١- جەختکردنە سەر ئەو کاریگەریەی کە ژینگەی کارکردن دەیگێرێت لە پاڵنانی کارمەندەکان بۆ ئەوەی کارێکی باشتر ئەنجام بدەن.

٢- ئەدای کارمەند هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی رێکخراوەکان ئەمەش مانای ئەوەیە ئەدای کارمەندەکان دەتوانرێت باشتر بکرێت.

٣- ژینگەی کارکردن بەشێکە لە ژیانی کارمەندەکان وە هەروەها بۆ رێکخراوەکان هۆکاری گەیشین بە بەرزترین ئاستە.

**١.٥ئامانجی توێژینەوە**

١- تەرکیزکردنە سەر ئەو چەمکانەی کە پەوەندیان بە ژینگەی کارو ئەدای کارمەندەکان هەیە.

٢- دەرخستنی ئەوەی کەوا تا چەند ژینگەی کارکردن کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارمەندەکان.

٣- نیشاندانی ئەو رێگایانەی کەوا ژینگەی کارکردیان پێ باشتر دەکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری کردنە سەر ئەدای کارمەند نیاشان بدات.

## ١.٦سنووری توێژینەوە


**سنووری مرۆیی**: بە وەرگرتنی ژمارەیەک لە کارمەندانی وەزارەتی دارایی توێژینەوەکەمان ئەنجام دەدەین.

**سنووری بابەتی**: توێژینەوەکەمان سەبارەت بە کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەندەکانە لە وەزارەتی دارایی.

**سنووری شوێنی**: ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دەدرێت لە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی فۆرمی راپرسی .

**سنووری کات**: ماوەی توێژینەوەکە ( ٢٠٢٤ )

## ١.٧نموذج البحث- نمونەی توێژینەوە



## تەوەرەی دووەم

## خوێندنەوەی پێشوو

**توێژینەوەی یەکەم:**( العید) ٢٠١٨

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەند. |
| شێوازی توێژینەوە | شیکاری و وەسفکردن. |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی ئەو رادەیەیکەوا ژینگەی کارکردن پەیوەندی بە ئەدای کارمەندەکانەوە هەیە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەدا |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | توێژینەوەکە سەلماندی کەوا ئەو دامەزراوەیەی کە نمونەی لێ وەرگیراوە گرینگی زۆر نادات بە دابینکردنی ئامێر بۆ ئاسانکاری ئەرکەکانی کارمەندەکانی. |
| پێشنیارەکانی توێژینەوە | ١- دەبێت بەڕێوەبەرایەتیەکە گرینگی زۆر بدات بە کارکردن بە تیم.<br>٢- دەبێت گرینگی زۆر بدرێت بە راهێنان کردن بە کارمەندەکان. |

**توێژینەوەی دووەم:( عکر) ٢٠٢٠**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | گرینگی ژینگەی کارکردن بۆ داهێنان کردن لەکاردا |
| شێوازی توێژینەوە | شیکاری و وەسفکردن |
| ئامانجی توێژینەوە | دیاریکردنی پەیوەندی نێوان داهێنان کردن لە کارکردن لەگەڵ ژینگەی کارکردن |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | ئەو رێکخراوانەی ناتوانن هانی کارمەندەکانیان بدەن لە رووی مادی و مەعنەوی ئەوا شکست دەهێنن |
| پێشنیاری توێژینەوە | ١- گرینگی دان بە زیادکردنی کاری تیمی.<br>٢- گونجاندنی ژینگەی کارکردن بە پێی گۆرانی ژینگە بە تایبەت لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیا. |

**توێژینەوەی سێیەم: (وسام) ٢٠٢١-٢٠٢٢**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | ژینگەی کارکردن کاریگەریەکانی لەسەر ئەدای کارەکانی کارمەندەکان. |
| شێوازی توێژینەوە | شیکاری و وەسفکردن. |
| ئامانجی توێژینەوە | هەوڵێک بۆ دیاریکردنی رادەی کاریگەریەکانی ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەندەکان لە زانکۆ. |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | لە زانکۆکە بەرێوەبەرەکان گرینگی بەو کەسانە نادەن کە لەژێر دەستیان کار دەکەن. |
| پێشنیارەکانی توێژینەوە | ١- دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن بە شێوەیەکی بەردەوام.<br>٢- گرینگی دان بە راهێنانی کرێکاران بە پێی گۆرانکاریەکان کەوا روودەدات. |

**توێژینەوەی چوارەم:( فتح الله) ٢٠١٧**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان |
| شێوازی توێژینەوە | شیکاری و وەسفکردن |
| ئامانجی توێژینەوە | ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە ژینگەی کارو ئەو رەفتارانەی کاریگەریان لەسەر ئەدای کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان هەیە لەکاتی ئەم قەیرانەی لە وڵاتەکەیان رووی داوە |
| پێشنیاری توێژینەوە | ١- دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەت بۆ کارکردن وە هەروەها چاودێری تەندروستی و دابینکردنی رێو شوێنی خۆ پارێزی پێویست.<br>٢- هاندان بۆ باشترکردنی پەیوەندی هاوکاری نێوان کارمەندەکانی ناو نەخۆشخانە |

**توێژینەوەی پێنجەم:** (محمد) ٢٠١٤

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ژینگەی کارکدن لەسەر ئەدای کارمەند |
| شێوازی توێژینەوە | شیکاری و وەسفکردن |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | ژینگەی کارکردن رۆڵێکی گرینگ دەگێرێت لە پاڵنانی کارمەندان بۆ ئەنجامدانی کارێکی باشتر بۆ بەرەوپێشبردنی ئەدای کارمەندەکانت پێویستە ژینگەیەکی کاری گونجاو دابین بکەیت. |
| پێشنیاری توێژینەوە | هەبوونی کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندان بۆ ئەوەی نارەزایەتیەکانیان بگەیێنن بۆ سەروو خۆیان وە هەرواها پێویستە ئامۆژگاری بەرێوەبەرەکان بکرێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی لەلایان کار دەکەن. |

**بەراوردی نێوان توێژینەوەی خۆمان و ئەو توێژینەوانەی خوێندنەوەمان بۆ کردووە**

| ناوەرۆکی توێژینەوە | توێژینەوەی خۆمان | توێژینەوەی یەکەم (العید)٢٠١٨ | توێژینەوەی دووەم (عکر)٢٠٢٠ |
| --- | --- | --- | --- |
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەند | کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەند. | گرینگی ژینگەی کارکردن بۆ داهێنان کردن لەکاردا. |
| شێوازی توێژینەوە | شیکاری و وەسفکردن | شیکاری و وەسفکردن. | شیکاری و وەسفکردن |
| ئامانجی توێژینەوە | نیشاندانی ئەو ڕێگایانەی ژینگەی کارکردنیان پێ باشتر دەکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری کردنە سەر ئەدای کارمەند نیشان بدات | زانینی ئەو ڕادەیەی کەوا ژینگەی کارکردن پەیوەندی بە ئەدای کارمەندەکانەوە هەیە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەدا. | دیاریکردنی پەیوەندی نێوان داهێنان کردن لە کارکردن لەگەڵ ژینگەی کارکردن |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | --------------------------- | توێژینەوەکە سەلماندی کەوا ئەو دامەزراوەیەی کە نمونەی لێ وەرگیراوە گرینگی زۆر ناداتبە دابینکردنی ئامێر بۆ ئاسانکاری ئەرکەکانی کارمەندەکانی | ئەو ڕێکخراوانەی ناتوانن هانی کارمەندەکانیان بدەن لەرووی مادی و مەعنەوی ئەوا شکست دەهێنن |
| پێشنیاری توێژینەوە | --------------------------- | دەبێت گرینگی زۆر بدرێت بە ڕاهێنان کردن بە کارمەندەکان | گونجاندنی ژینگەی کارکردن بەپێی گۆرانی ژینگە بە تایبەت لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیا |

| ناوەرۆکی توێژینەوە | توێژینەوەی سێیەم (وسام) ٢٠٢١-٢٠٢٢ | توێژینەوەی چوارەم (فتح الله)٢٠١٧ | توێژینەوەی پێنجەم (محمد)٢٠١٤ |
| --- | --- | --- | --- |
| ناونیشانی توێژینەوە | ژینگەی کارکردن کاریگەریەکانی لەسەر ئەدای کارەکانی کارمەندەکان | کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان | کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەند |
| شێوازی توێژینەوە | شیکاری و وەسفکردن | شیکاری و وەسفکردن | شیکاری و وەسفکردن |
| ئامانجی توێژینەوە | هەوڵێک بۆ دیاریکردنی ڕادەی کاریگەریەکانی ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەندەکان لە زانکۆ | لێکۆڵینەوە لە ژینگەی کارو ئەو ڕەفتارانەی کاریگەریان لەسەر ئەدای کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان هەیە لەکاتی ئەم قەیرانەی لە وڵاتەکەیان رووی داو | پیشاندانی ئەوەی ژینگەی کارکردن ڕۆڵێکی گرینگ دەگێرێت لە پاڵنانی کارمەندەکان بۆ ئەنجامدانی کارێکی باشتر |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | لە زانکۆکە بەڕێوەبەرەکان گرینگی بەو کەسانە نادەن کە لەژێر دەستیان کار دەکەن | --------------------------- | --------------------------- |
| پێشنیاری توێژینەوە | دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن بە شێوەیەکی بەردەوام | هاندان بۆ باشترکردنی پەیوەندی هاوکاری نێوان کارمەندەکانی ناو نەخۆشخانە | هەبوونی کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندەکان بۆ ئەوەی نارازایەتیەکان بگەیێنن |

## بەشی دووەم/ ژینگەی کارکردن ئەدای کارمەند

### تەوەرەی یەکەم/ژینگەی کارکردن

### تەوەرەی دووەم/ ئەدای کارمەند

## بەشی دووەم

### پێشەکی

لەم بەشەی توێژینەوەکەمان باس لەدوو گۆڕاوی توێژینەوەکەمان دەکەین کە ئەوانیش بریتین لە ژینگەی کارکردن لەگەڵ، ئەدای کارمەند لە سەرەتا جەخت دەکەینەوە لەباسکردنی چەمکی ژینگەی کارکردن وەهەروەها پێناسە کردنی ژینگەی کارکردن وەهەروەها باسکردنی جۆرەکانی ژینگەی کارکردن لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ژینگەی کارکردن وە هەروەها باسکردنی گرینگی ژینگەی کارکردن لەگەڵ کاریگەریەکانی ژینگەی کارکردن دواتر دەست دەکەین بە باسکردنی گۆڕاوی دەووەمی توێژینەوەکەمان سەرەتا باس لە چەمکی ئەدای کارمەند دەکەین لەگەڵ پێناسە کردنی ئەدای کارمەند وە هەروەها باسکردنی جۆرەکانی ژینگەی کارکردن لەگەڵ باسکردنی تایبەتمەندی و گرینگی ئەدای کارمەند وەهەرەها کاریگەریەکانی ئەدای کارمەند.

### تەوەرەی یەکەم: ژینگەی کارکردن

#### ٢.١ چەمکی ژینگەی کارکردن

ژینگەی کارکردن مەبەست لەم شوێنەیە کەوا مرۆڤەکان کاری لێ دەکەن ژینگەی کارکردن بریتیە لە بیناو ئامێر و هەموو ئەو شتانەی کەوا لەناو رێکخراو و دامەزراوەکان هەن وەهەروها پەیوەندییەکانی کارکردن و پەیوەندی هاوکاری لەخۆدەگرێت لەناو رێکخراو دامەزراوەکان دا ژینگەی کارکردن کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمێنان و رەزامەندی کریار و لایەنی دەروونی کارمەندەکان کەوا لە رێکخراوەکان کار دەکەن ئەگەر ژینگەی کارکردن هاندەرو پاڵپشت بێت ئەگەری زۆرە تاکەکانی ناو رێکخراوەکە هەست بە رازیبوون بکەن لە کارەکەیاندا وە بە پێچاوانەشەوە ئەگەر ژینگەی کارکردن ژینگەیەکی گونجاو نەبێت ئەوا کارمەندەکانی ناو رێکخراوەکە ئارەزوویان لە کارەکەیان نامێنێت و هەوڵێکی تەواوی کارکردن نادەن بۆیە تێگەیشتن و باشترکردنی ژینگەی کارکردن گرینگە بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی و سەلامەتی کارمەندەکان و باشترکردنی ئەدای کارکردنیان ئەمەش پێشخستنی پەیوەندی ئەرێنی و دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن دروست دەکات .

### ٢.٢پێناسەی ژینگەی کارکردن

پێناسەی ژینگەی کارکردن: ئەو شوێنەیە کەوا کارمەندەکان کاری لێ دەکەن کە بریتیە لە چوارچێوەیەکی ژینگەیی دیاریکراو کە دەکرێت بریتی بێت لە شوێنی کاری ناو دامەزراوەو رێکخراوەکان. – (عکر) ٢٠٢٢- لاپەرە ٢٩.

پێناسەی ژینگەی کارکردن: بریتیە لەکۆی ئەو پەیوەندیانەی کە لەناو کارمەندەکان هەیە وەهەروەها ئەو شوێنە دەگرێتەوە کەوا کارمەندەکان کاری تێدا دەکەن.- (کۆهوان) ١٩٩٢ لاپەرە ٧.

پێناسەی ژینگەی کارکردن :بریتیە لە سێ توخمی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە ژینگەی تەکنیکی و ژینگەی مرۆڤ و ژینگەیی رێکخراوەیی کەوا موبوست لە ژینگەی مرۆڤ کارمەندەکانە وە هەروەها مەبەست لە ژینگەیی تەکنیکی لێی ئامێرو تەکنەلۆژیایە.- (ئۆپەرمان) ٢٠٢٢ لاپەرە٨.

### ٢.٣گرینگی ژینگەی کارکردن

ژینگەیەکی تەندروست و کارایی کارکردن یارمەتیدە رە :

١. **بەرهەمێنان**: پێویستە رێکخراوەکە شیکاری نوێترین ئامرازەکانی وەبەرهەمهێنان بکات کە بۆ زیادکردنی قازانج دارێژراون لەوانەش ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆیە پێویستە ئامێری نوێی بەرهەمێنان دابین بکرێت وە هەروها خۆمان لەگەڵ گۆرانکاریەکان بگونجێنین کە روودەدات.

٢.**ژینگەی کارکردن**: پێشنیار دەکرێت فیدباک بدرێت بە کارمەندەکان سەبارەت بە چۆنیەتی پەرەپێدانی بەردەوانی ژینگەی کارکردن پێویستە بەریوەبەرەکان بۆچوونی کارمەندەکان وەربگرن سەبارەت بە کارایی کارەکەو کلتوری شوێنەکە

٣.**قازانج**: شیکاری رێگاکانی شوێنی کار دەبێتە هۆی دۆزینەوەی رێگاکانی ئەگەری بۆ باشترکردنی کاراییو کەمکردنەوەی تێچووەکانبۆیە ئەمە ئەوە نیشان دەدات کەوا یەکێک لە گرینگیەکانی ژینگەی کارکردن ئەگەر ژینگەیەکی باسی کارکردنمان هەبێت ئەوا دەتوانین بە ئاسان ئاگاداریکاری رێکخراوەکە بین ئەمە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی تێچوو لەگەڵ زیادبوونی قازانج.

٤.بەکارنەهێنانی نوێترین داهێنانە تەکنەلۆژیەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر زیادکردنی کارایی کارمەندان هەیە بەرێوەبەر پێویستە بەردەوام بەدوای رێگایەکدا بگەرێت بۆ ئەوەی ئەرکەکانی کارمەندەکان ئاسانتر بکات بۆیە هەمیشە بەرێوەبەرەکان دەیانەوێت لە ژینگەی کاری رێکخراوەکەیان باشترین جۆری ئامێر بەکاربهێنن بۆ ئاسانکاری بۆ کارمەندەکانیان و

وەهەروەها زیادکردنی کارایی لە کاردا وە هەروەها ئەمە کارەدەکاتە سەر زیادبوونی رەزامەندی لەکاردا.

## ٢.٤جۆرەکانی ژینگەی کارکردن

دەتوانین بڵێین جۆرەکانی ژینگەی کارکردن ئەمانەن:

١- **ژینگەی گشتی**: ئەو چوارچێوە جوگرافییە کە هەموو رێکخراوەکان تێیدا کاردەکەن کاریگەری ئەم ژینگەیە کار دەکاتە سەر هەموو رێکخراوەکان وەکو هەلومورجی سیاسی، یاسایی،ئابووری،پەروەردەیی،تەکنەلۆژیی،کەشوهەوا هەموو ئەمانە کاریگەری دروست دەکەن لەسەر کاری رێکخراوەکان گەر لە هەر کام لەمانە گۆرانێک رووبدات کاریگەری دەکاتە سەر ژینگەی کارکردنی رێکخراوەکان.

٢-**ژینگەی تایبەتی:** بریتیە لەو شتانەی کەوا لە چوارچێوەی رێکخراوەکەدا هەن کەوا پەیوەندیان هەیە بە رێکخراوەکان کاریگەریان دەکەنەسەر ئەمانەش بریتین لە رکابەرەکان، دابینکەرەکان، رێکخراوە حکومیە پەیوەندیدارەکان هەموو ئەمانە کاریگەریان هەیە لەسەر ژینگەی کارکردنی رێکخراوەکان ئەو شتانەی وەکو نمونە باس کران کاریگەریان لەسەر ژینگەی کارکردنی رێکخراوەکان

٣.**ژینگەی کارکردنی ناوخۆ:** ئەو شوێنەیە کە تاکەکان لەناو کۆمپانیایەک یان رێکخراوێکدا کار دەکەن ئەم شتانە لەخۆ دەگرێت، تەندروستی ، ئاسایش، تەکنەلۆژیا،ئامێری تەکنیکی و شوێنی کارکردن لەخۆ دەگرێت وەهەروەها ژینگەی ناوەخۆیی پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان کارمەندان ، ئەدای کارکردن و کاریگەری لە شوێنی کار لەخۆ دەگرێت ژینگەی کارکردنی ناوخۆیی پێویستە بە باشی ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی کارکردن تێیدا ئاسوودە و سەلامەت بێت بۆ کارمەندەکان تا بتوانن بە شێوەیەکی کاراو کاریگەر کار بکەن و کوالێتی کار باشتر بکەن.

٤-**ژینگەی کارکردنی دەرەکی:**بریتیە لەو شتانەی کەوا لەدەرەوەی رێکخراوەکەدا روودەدەن وە کاریگەری لەسەر دروست دەکات بۆ نمونە بارەدۆخی ئابووری، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، یاسایی، هەر کام لەمانە کاتێک روودەدەن بەبێ ئیرادەی رێکخراوەکانە وە رێکخراوەکان دەکەونە ژێر کاریگەریانەوە بۆیە ئەمانە کاریگەری دەکەنە سەر ژینگەی کارکردنی رێکخراوەکان بەشێوەیەک کەوا رێکخراوەکان نا توانن خۆیان لە کاریگەری ئەم بارەدۆخانە

لابدەن بەڵکو دەبێت رووبەرووی ئەم بارەدۆخە ببنەوە و بتوانن خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن و ژینگەی کارکردنەکەیان بە شێوەیەکی باش ئامادە بکەن.

**٢.٥ رەهەندەکانی ژینگەی کاکرکردن**

١.**شێوازی بەڕێوەبردن**: بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر ئەدای کارمەندان لە کۆمپانیاو دامەزراوەکاندا هەیە ئەگەر کارگێری کۆمپانیاکە شێوازێکی بەڕێوەبردنی کاریگەرو پاڵنەر پەیرەو بکات ئەمە دەبێتە هۆی پاڵنەری کارمەندەکان و کاریگەریان لە شوێنی کاردا زیاد دەکات.

٢.**راهێنان کردن بە فەرمانبەران**: یەکێکە لەو هۆکارە بنەرەتیانەی کە کاریگەری زۆری لەسەر ئەدای کارمەندان هەیە لەهەر رێکخراوێکدا کاتێک کارمەندەکان راهێنانی پێویست وەردەگرن توانای بەرزکردنەوەی تواناکانیان و زیادکردنی زانیاریان لە بواری کارەکانیاندا هەیە ئەمەش هۆکارە بۆ باشترکردنی ئەدای کارمەندەکان.

٣.**هەبوونی پاڵنەرو هاندان**:ئامرازی گرنگن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ باشترکردنی ئەدای کارمەندان لە دامەزراوە و کۆمپانیاکان کاتێک کارمەندەکان هەست بە پاڵنەرو پشتیوانی دەکات وهاندانێکی گونجاو وەردەگرێت پاڵنەرێکی باشتری دەبێت بۆ پێشکەشکردنی باشترین ئەنجام.

٤.**هەبوونی سەرچاوەی پێویست**:دابینکردنی سەرچاوەی پێویست هۆکارێکێکە بۆ باشترکردنی ئەدای کارمەند لەهەر رێکخراوێک یان کۆمپانیادا کاتێک سەرچاوە پێویستەکان دابین دەکرێت کارمەندەکان دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەرتر کار بکەن.

## تەوەرەی دووەم

## ئەدای کارمەند

### ۳.۱چەمکی ئەدای کارمەند

ئەدای کارمەند بەیەکێک لە هەرە پێویستیە گرینگەکانی رێکخراو دادەنرێت لەبەر ئەوەی ئەدای کارمەند هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی رێکخراوەکان بۆیە رێکخراوەکان هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندەکانیان تاوەکو بزانن کاریگەری و کارامەیەکانیان تاوەکو چ رادەیەکە بۆئەوەی بتوانن تواناکانی کارمەندەکانیان بەرەو باشتربوون ببەن لەبەر ئەوەی تاچەند ئەدای کارمەندەکانت باشتر بێت گەیشتن بە ئامانجەکانی رێکخراوەکەت ئاسانتر دەبێت لەبەر ئەوەی ئەدای کارمەند ئەگەر ئەدایەکی باش و لێهاتووانە بێت یارمەتیت دەدات بۆ جێبەجێکردنی هەموو کارو چالاکیەکانی رێکخراو بە باشترین شێوەو بەشێوەیەکی کارامەیانە چونکە ئەدای کارمەند هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی رێکخراوەکە چونکە رێگری دەکات لە بەفیرۆچوونی کات و لە بەفیرۆچوونی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی زۆر بۆیە ئەمە هەموو هۆکارن بۆ سەرکەوتنی رێکخراوەکان بۆیە هەموو ئەمانە هۆکارن رێکخراوەکان گرینگی زۆربدەن بە ئەدای کارمەندەکانیان.

### ۳.۲ پێناسەی ئەدای کارمەند

۱- **پێناسەی ئەدای کارمەند**: بریتیە لە ئەنجامدانی کارێک و تەواکردنی چالاکیەک یاخود ئەنجامدانی ئەرێک کە یارمتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. (سلیمان) ۱۹۹۹

۲- **پێناسەی ئەدای کارمەند**: بریتیە لە هەوڵەکانی کارمەندەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانی و ئەو بەرپرسیاریەتیانەی کەلایەن رێکخراوەکە پێیان سپێردراوە. (فاروق)۲۰۰۹

۳- **پێناسەی ئەدای کارمەند:** بریتیە لەتواجای گەیشتن بە ئامانجەکان بەکەمترین لەدەستانی سەرچاوەی بەردەست بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە باشترین شێوە. (بوخمنع) ۲۰۱۱

### ٣.٣گرینگی ئەدای کارمەند

ئەدای کارمەند لە ژیانی هەر ڕێکخراوێکدا گرنگییەکی زۆری هەیە:

١- یەکێک لەگرینگەیەکانی ئەدای کارمەند بریتیە لە توانای کەمکردنەوەی تێچووی رێکخراو وەهەروەها زیادکردنی قازانجی رێکخراوەکە گرینگی ئەدای کارمەند کاریگەریەکی زۆری هەیە لە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی رێکخراوەکان.

٢- ئەدای کارمەند گرینگیەکی زۆری هەیە بۆ رێکخراوەکان کە هەوڵی سەرکەوتن و پێشکەوتن دەدەن ئەو چالاکیانەی لەلایەن کارمەندەکانەوە ئەنجام دەدرێت هۆکارێکە بۆ سەرکەتن و سەقامگیری رێکخراوەکان.

٣- گرینگی ئەدای کارمەند تەنها لە ئاستی رێکخراودا ناوەستێت بەڵکو لەوە زیاتر درێژدەبێتەوە هۆکارە بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا

٤- باشترکردنی توانای کارمەندەکان یەکێکە لە ئامانجەکانی زۆربەی رێکخراوەکان ئەمەش ئەنجام دەدرێت بەراهێنان پێکردنیان لەگەڵ دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن بۆیان وە هەبوونی پەیوەندیەکی باش لەناو رێکخراوەکەدا لەگەڵ کارمەندەکان ئەمانە هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارمەندەکان وە هەروەها هۆکارن بۆ سەرکەوتنی رێکخراوەکان.

### ٣.٤جۆرەکانی ئەدای کارمەند

**١- ئەدای راستەقینە**: بە ئەنجامە کۆتاییەکان نیشان دەدرێت لەرووی کوالێتی و تێچووەکەی پێوانەکردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکان لەماوەی کاتێکی دیاریکراو لێرەوە ئەدای راستەقینەی کارمەندەکانمان بۆ دەردەکەوێت بە پێوانەکردن یاخود بەراوردکردن لەگەڵ لەگەڵ ستاندار دەکانی ئەدای کارکردن.

**٢- ئەدای تاکەکەسی**: ئەو ئەنجامانەیە کە تاک بە ئەنجامدانی ئەو کارەی بۆی دیاریکراوە بەدەستی دەهێنێت کەبریتین لە بەرپرسیارێتی و ئەرکەکان بەپێی ماوەیەکی دیاریکراو بەلەبەرچاو گرتنی ئەو کاریگەرییە بەرچاوەی کە ئەدای تاکەکەسی لەسەر ئەدای کارکردن هەیەتی دەتوانرێت بەسێ پێوەر بپێورێت.

١- جۆری کارەکە ٢- قیساسی کارەکە ٣- پاراستن

**۳- ئەدای گروپ**: بریتیە لە کۆمەڵە ئەنجامێک کە لەلایەن پرۆپێک بەدەستدەهێنرێت کەبریتین لە کۆمەڵێک تاک کە بەیەکەوە کاردەکەن تایبەتمەندی و کارو چاڵاکیەکانیان تەواوکەری یەکترن و پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی هەر تاکێک لەناو گروپەکە رەنگدانەوەی راستەوخۆی هەیە لەسەر ئەدای کارکردنی هەموو تیمەکە بۆیە هەمیشە سەرپەرشتیاری گروپەکان هەوڵدەدەن کەوا گروپەکە بهێڵنەوە بەهەبوونی هەماهەنگیەکی باش لەگەڵ یەکترو وا لەهەر تاکێکی ناو گروپەکە بکات باشترین ئەدای خۆی پێشکەش بکات چونکە کاری تیمی هەمووی تەواکەری یەکترن و پەیوەندیان هەیە لەگەڵ یەکتر.

**۳.۵رەهەندەکانی ئەدای کارمەند**

۱. **باشترکردنی ئەدای تاکەکەسی کارمەندەکان**: باشترکردنی ئەدای هەر کارمەندێک یارمەتی دەرە بۆ باشترکردنی ژینگەی کارکردن چونکە ئەم کارمەندە توانای خۆگونجاندنی باشتر دەبێت توانای کاری کاری تیمی باشتر دەبێت وە هەروەها پەیوەندی کاریشی باشتر دەبێت.

۲. **متمانەو هاوکاری**: توخمی سەرەکین لە بنیاتنانی ژینگەیەکی کارکردنی ئەرێنی و تەندروست کاتێک متمانە لە نێوان فەرمانبەران و بەرێوەبەرایەتیدا هەبێت هەستکردن بە ئاسوودەیی و ئاسایشیان لە شوێنی کاردا زیاتر دەبێتئەمەش هۆکارە بۆ دروستببونی ژینگەیەکی باشی کارکردن.

۳. **دروستکردنی کەشێکی ئەرێنی کارکردن** :کاریگەری زۆری لەسەر ژینگەی کارکردن و ئەندامانی تیم بە گشتی دەبێت هەستی رەزامەندی و دڵخۆشی و گەشبینی لای کارمەندەکان زیاد دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان و کارایی لە شوێنی کاردا.

٤. **باشترکردنی پەیوەندییەکانی کار**: زۆر بە گرینگ دادەنرێت بۆ باشترکردنی ژینگەیەکی کارکردن بەو پێیەی پەیوەندی باش نێوان فەرمانبەران رۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت لەبەرەوپێشبردنی هاوکاری لە شوێنی کاردا وە هەروەها هۆکارە بۆ باشبوونی پەیوەندی نێوان فەرمانبەران ئەمەش هۆکارە بۆدروستبوونی ژینگەیەکی ئاسوودەیی کارکردن.

**بەشی سێیەم**: توێژینەوەیەکی مەیدانیە سەبارەت بە کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسە ر ئەدای کارمەند لەوەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان.

**تەوەرەی یەکەم**:وەسفکردنی نمونەی توێژینەوەکە

**تەوەرەی دووەم:**وەسفکردن و دەستنیشانکردنی گۆراوی توێژینەوەکە

## تەوەرەی یەکەم

## وەسفکردنی نمونەی توێژینەوەکە

### ٤.١وەسفکردنی نمونەی توێژینەوەکە


نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە گروپێک لە کارمەندانی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان کە کۆی گشتی کەوا بەژداریان لە توێژینەوەکەمان کردووە ژمارەیان بریتیە لە (٥٢)کەس کەوا لەم برگەیەدا پێداچوونەوە بۆ زانیاریە کەسیەکانی ئەو کارمەندانە دەکەین کەوا بەژداریان لە توێژینەوەکەمان کردووە کە زانیاریەکان بریتین لە ،رەگەز،تەمەن،بروانامەی ئەکادیمی،سالآنی خزمەت بەم شێوەیە خوارەوە.

**١. دابەشکردنی بەژداربووان بە پێی رەگەز**

رەگەزی نێر زۆرترین رێژەی بەژداربوو پێک دەهێنێت بە رێژەی (٥٥.٧%) وە رەگەزی مێ بەرێژەی (٤٤.٣) بەژدارە لە توێژینەوەکەمان.

خشتەی (١) دابەشکردنی بەژداربووان بە پێی رەگەز

| زانیاریە کەسیەکان | | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | ٢٩ | %٥٥.٧ |
| | مێ | ٢٣ | %٤٤.٣ |
| کۆی گشتی | | ٥٢ | %١٠٠ |




وێنەی ژمارە یەک : دابەشکردنی بەژداربووان بە پێی رەگەز لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە لە رێگای بەرنامەی (Excel).

**٢. دابەشکردنی بەژداربوان بەپێی تەمەن**

تەمەنی بەژداربوانی توێژینەوەکە کە پۆلێنکراون بۆ چەند پۆلێک لە خشتەی ژمارە(٣) دا ئامانژە بەوەکراوە کەوا رێژەکان بەم شێوەیە دابەشبوون لە تەمەنی (٤١-٥٠) ساڵ زۆرتین رێژەی بەژداربووان دەگرێتەوە بەرێژەی (٤٠.٤%) بە بەراورد لەگەڵ تەمەنەکانی تر ئەم رێژەی پشت راستی دەکاتەوە کە زۆربەی بەژداربووان لە و تەمەنەن کەوا خاوەن ئەزمونێکی باشن لەکارەکەیەندا ئەمەش ئامانژەیە بۆ هۆشیاریان لەگەڵ مامەڵکردن لەگەڵ فۆرمی راپرسی مان لە پلەی دووومەدا گرووپی تەمەنی (٣٠-٤٠) دێت بەرێژەی (٢٥%) وە گرووپی تەمەن (٢٠-٣٠) دێت بەرێژەی (٢٣.١%) وە گرووپی تەمەن (٥١-٦٠) دێت بە رێژەی (١١.٥%)، وێنەی ژمارە دوو ئەمە نیشان دەدات.

خشتەی ژمارە (٣) دابەشبوونی بەژداربووان بەپێی تەمەن نیشان دەدات

| زانیاریە کەسیەکان | | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ٢٠-٣٠ | ١٢ | %٢٣.١ |
| | ٣١-٤٠ | ١٣ | %٢٥ |
| | ٤١-٥٠ | ٢١ | %٤٠.٤ |
| | ٥٠-٦٠ | ٦ | %١١.٥ |
| کۆی گشتی | | ٥٢ | %١٠٠ |





وێنەی ژمارە (٢) سەرچاوە بە بەرنامەی (Excel)ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە

### ٣.دابەشکردنی بەژداربووان بە پێی بڕوانامەی زانستی

خشتەی ژمارە(٥)ئەمە نیشان دەدات کەوا زۆرینەی بەژداربووان خاوەن بڕوانامەی زانستین کەوا بەو شێوە پۆلێن کراون بەرزترین ڕێژە بریتیە لە بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە ڕێژەی(٤٨%) وە لە پلەی دووەم بڕوانامەی دبلۆم دێت بە ڕێژەی (١٩.٢) وە لە پلەی سێیەم بڕوانامەی دبلۆمی باڵا دێت بە ڕێژەی (١١.٥%) وە دواتر لە پلەی چوارەم بڕوانامەی ئامادەیی دێت بە ڕێژەی (٩.٦%) وە دواتر لە پلەی پێنجەم بێ بڕوانامەو،ماجستیر،دکتورا دێت بەرێژەی (٣.٩%).

خشتەی (٥) دابەشبوونی بەژداربووان نیشان دەدات بە پێی بڕوانامەی زانستی

| زانیاریە کەسیەکان | | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| بڕوانامە | بێ بڕوانامە | ٢ | %٣.٩ |
| | ئامادەیی | ٥ | %٩.٦ |
| | دبلۆم | ١٠ | %١٩.٢ |
| | بەکالۆریۆس | ٢٥ | %٤٨ |
| | دبلۆمی باڵا | ٦ | %١١.٥ |
| | ماجستیر | ٢ | %٣.٩ |
| | دکتورا | ٢ | %٣.٩ |
| کۆی گشتی | | ٥٢ | ١٠٠% |




وێنەی(٣) ئامادەکراوە بە بەرنامەی(Excel) لەلایەن توێژەرانەوە


### ٤.دابەشكردنی بەژداربووان بە پێی ساڵانی خزمەت

بەژداربوانی توێژینەوەکە پۆلێن کراون بەپێی ساڵانی خزمەتیان لەم بەشەدا کەوا بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن زۆرتریان بریتیە لە ساڵی (١١-١٥) بە ڕێژەی (%٣٢.٧) وە دواتر (١٦-٢٠)

بە ڕێژەی (%٣٠.٧) وە دواتر ساڵی (١-٥) دەگرێتەوە بە ڕێژەی (%٢١.٢) وە دواتر ساڵی (٦-١٠)،(زیاتر لە ٢١) ساڵ لە خزمەت دێت هەردووکیان بە ڕێژەی (%٧.٧) پێک دێت.

خشتەی ژمارە(٧) پۆلێنکردنی بەژداربووان نیشان دەدات بە پێی ساڵانی خزمەت.

| زانیاریە کەسیەکان | | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ساڵانی خزمەت | ١-٥ | ١١ | %٢١.٢ |
| | ٦-١٠ | ٤ | %٧.٧ |
| | ١١-١٥ | ١٧ | %٣٢.٧ |
| | ١٦-٢٠ | ١٦ | %٣٠.٧ |
| | ٢١< | ٤ | %٧.٧ |
| کۆی گشتی | | ٥٢ | ١٠٠% |




وێنەی ژمارە (٤) پۆلێنکردنی بەژداربووان ڕوون دەکاتەوە بە پێی ساڵانی خزمەت

ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە

## تەوەرەی دووەم

## وەسفکردن و دەستنیشانکردنی گۆڕاوی توێژینەوەکە

### ٥.١ گۆڕاوی یەکەم: ژینگەی کارکردن

**پ١/ بەژداربوو لە ژینگەی کارکردنەکەی رازیە؟**

| % | دووبارەبونەوە | وڵامەکان |
|---|---|---|
| ٤٨% | ٢٥ | بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر |
| ٢٨.٨% | ١٥ | بەڵێ تا رادەیەک |
| ٣.٩% | ٢ | بێ لایەن |
| ١٥.٤% | ٨ | نەخێر تا رادەیەک |
| ٣.٩% | ٢ | نەخێر بە هیچ شێوەیەک |
| ١٠٠% | ٥٢ | کۆی گشتی |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە ئامادە کراوە

بەرزترین رێژەی دووبارەبونەوە بریتیە لە وڵامی (بەڵێ بە رێژەیەکی) زۆر بە رێژەی(٤٨%) وە دواتر بەڵێ تارادەیەک بە رێژەی (٢٨.٨%) وە دواتر (نەخێر تارادەیەک) بە رێژەی (١٥.٤%) وە هەروەها وڵامی (بێ لایەن) بوون لەگەڵ (نەخێر بە هیچ شێوەیەک) بە رێژەی (٣.٩%) پێک دێت ئەمەش ئەوە دەردەخات بە رێژەیەکی زۆر کارمەندەکان لە ژینگەی کارکردنی رێکخراوەکەیان رازین وە ژمارەیەکی کەمیان رازی نین بە شێوەیەکی کەم ئەمەش ئەوە دەردەخات کارمەندەکان ئاسوودەن لە ژینگەی کارکردنیان.

**پ٢/ پێت وایە کە لە ژینگەی کارکردن کاری تیمی و هاوکاری نێوان فەرمانبەران کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارمەندەکان؟**

| % | دووبارەبونەوە | وڵامەکان |
|---|---|---|
| ٥٠% | ٢٦ | بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر |
| ٣٢.٧% | ١٧ | بەڵێ تا رادەیەک |
| ٥.٧% | ٣ | بێ لایەن |
| ٧.٧% | ٤ | نەجێر تا رادەیەک |

| | | |
|---|---|---|
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٢ | %٣.٩ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە ئامادە کراوە

زۆرترین دووبارەبوونەوە بریتیە لە وڵامی بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر بە ڕێژەی (%٥٠) وە دواتر وڵامی (بەڵێ تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (%٣٢.٧) وە پاشان وڵامی (نەخێر تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (%٧.٧) وە هەروەها وڵامی (بێ لایەن) بە ڕێژەی (%٥.٧) وە دواتریش وڵامی (نەخێر بە هیچ شێوەیەک) بە ڕێژەی (%٣.٩) ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆرینەی کارمەندەکان پێیان وایە کە کاری تیمی و هاوکاری نێوان فەرمانبەرەکان لە ژینگەی کارکردنەکەیان یارمەتیان دەدات بۆ باشتربوونی ئەدای کارکردنیان.

**پ٣/ پێت وایە ژینگەیەکی باشی کارکردن یارمەتی دەرە بۆ داهێنان کردن و بەرزکردنەوەی ئەدای کارمەندەکان؟**

| وڵامەکان | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ٢٧ | %٥٢ |
| بەڵێ تارادەیەک | ١٥ | %٢٨.٨ |
| بێ لایەن | ٤ | %٧.٧ |
| نەخێر تارادەیەک | ٦ | %١١.٥ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٠ | %٠ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین دووبارەبونەوە بریتیە لە وڵامی ( بەلێ بە ریژەیەکی زۆر) بە ڕێژەی (%٥٢) وە دواتر(بەڵێ تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (٢٨.٨) وە دواتر وڵامی (نەخێر تارادەیەک) بە ڕێژەی (%١١.٥) وە دواتر وڵامی (بێ لایەن) بوون بە ڕێژەی (%٧.٧) وە دواتر وڵامی ( نەخێر بە هیچ شێوەیەک ) بە ڕێژەی (%٠) ئەمە ئەوە دەردەخات زۆرینەی بەژداربوان هاوران لەگەڵ ئەوەی ژینگەیەکی باشی کارکردن یارمەتی دەرە بۆ داهێنان کردن و باشترکردنی ئەدای کارکردنی کارمەندەکان.

**پ٤/** وا هەست دەکەیت کە ژینگەی کارکردنەکەت رێگری لە پێشکەوتنی پیشەیی تۆ دەکات یان کاریگەری لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانت هەیە؟

| ولامەکان | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر | ١٧ | %٣٢.٧ |
| بەڵێ تا رادەیەک | ١٨ | %٣٣.٦ |
| بێ لایەن | ٢ | %٣.٩ |
| نەخێر تا رادەیەک | ١٤ | %٢٦.٩ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ١ | %١.٩ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین دووبارەبونەوە بریتیە لە وڵامی (بەڵێ تارادەیەک) بەرێژەی (%٣٣.٦) وە دواتر وڵامی ( بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر) بە رێژەی (%٣٢.٧) وە دواتر وڵامی ( نەخێر تا رادەیەک) بەرێژەی(%٢٦.٩) وە دواتر وڵامی ( بێ لایەن) بە رێژەی (%٣.٩) وە دواتر وڵامی ( نە خێر بە هیچ شێوەیەک) بە رێژەی (%١.٩) ئەمە ئەوە دەردەخات کەوا زۆرینەی کارمەندەکان لەو ژینگەی کارکردنەی تیای دان پێیان واهەیە رێگریان لێ دەکات لە بەدەستهێنانی ئامانجە کەسیەکانیان.

**پ٥/** پێت وایە دەرفەتی یەکسان بۆ پەرەپێدانی کاری پیشەیی و بەرزکردنەوەی پلە هەیە لە رێکخراوەکەدا؟

| ولامەکان | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر | ٨ | %١٥.٤ |
| بەڵێ تا رادەیەک | ١٥ | %٢٨.٨ |
| بێ لایەن | ٨ | %١٥.٤ |
| نە خێر تا رادەیەک | ١٣ | %٢٥ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٨ | %١٥.٤ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ ئامادە کراوە لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین ڕێژەی دووبارەبونەوە بریتیە لە وڵامی ( بەڵێ تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (٢٨.٨%) وە دواتر وڵامی ( نەخێر تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (٢٥%)وە دواتر وڵامی بەڵێ بەڕێژەیەکی زۆر،بێ لایەن، نەخێر بە هیچ شێوەیەک بە ڕێژەی (١٥.٤%) دێت ئەمە ئەوە دەردەخات بە شێوەیەک کارمەندەکان دابەش دەکات بۆ دوو بەش بەشێک لە کارمەندەکان پێیان واتە ڕێکخراوەکە دەرفەتی یەکسان دەرەخسێنێت بە شەکەی تر پێیان وایە ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی یەکسان دەرفەتەکان نارەخسێنێت.

**پ٦**/لەو شێوازە بەڕێوەبردنەی کە لە ڕێکخراوەکە پەیرەو دەکرێت ڕازیت؟

| وڵامەکان | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ١٠ | %١٩.٢ |
| بەڵێ تا ڕادەیەک | ١٨ | %٣٤.٦ |
| بێ لایەن | ٤ | %٧.٧ |
| نەخێر تا ڕادەیەک | ١٤ | %٢٦.٩ |
| نەخیر بە هیچ شێوەیەک | ٦ | %١١.٥ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین ڕێژەی دووبارەبونەوە بریتیە لە وڵامی (بەڵێ تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (٣٤.٦%) دواتر (نەخێر تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (٢٦.٩%) وە دواتر(بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر) بە ڕێژەی (١٩.٢%) وە دواتر (نەخێر بە هیچ شێوەیەک) بە ڕێژەی(١١.٥%) وە دواتر (بێ لایەن) بە ڕێژەی(٧.٧%) ئەمە ئەوە دەردەخات بە ڕێژەی زۆرینە کارمەندەکان لەو شێوازە بەڕێوەبردنە ڕازین کە لە ڕێکخراوەکە جێ بەجێ دەکرێت بەڵام کارمەندێکی زۆریش هەیە کەوا لە و شێوازە بەڕێوەبردنەی کەوا لە ڕێکخراوەکە پەیرەو دەکرێت ڕازی نیە.

**پ٧/پێیت وایە ڕێکخراوەکە گرینگی دەدات بە ڕاهێنان کرد بە فەرمانبەرەکان؟**

| وڵامەکان | دووبارەکردنەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ١١ | %٢٠.١ |
| بەڵێ تا ڕادەیەک | ١٩ | %٣٦.٥ |
| بێ لایەن | ٥ | %٩.٦ |

| | | |
|---|---|---|
| نەخێر تا رادەیەک | ١٢ | %٢٣ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٥ | %٩.٦ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوەکان/ ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبووەوە بریتیە لە (بەڵێ تا رادەیەک) بە رێژەی(٣٦.٥%) دواتر وڵامی

( نەخێر تارادەیەک) بە رێژەی (٢٣%) وە دواتر وڵامی (بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر)بە رێژەی(٢٠.١%) وە دواتر وڵامی بێ لایەن،نەخێر بە هیچ شێوەیەک بە رێژەی (٩.٦%)

ئەمە ئەوە دەردەخات کارمەندەکان پێیان وایە رێکخراوەکە گرینگی دەدات بە راهێنان کردن بە فەرمانبەران لە بەرامبەردا بەشیک لە کارمەندەکان پێیان وایە وەکو پێویست گرینگی بە راهێنان کردن بە فەرمانبەرەکان نادرێت.

**پ٨/** پێت وایە رێکخراوەکە هەموو ئامرازو ئامێرەکان دابین دەکات کەوا پێویستن بۆ ئەنجامدانی کارەکان؟

| وڵامەکان | دووبارەبووە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر | ٢٤ | %٤٦.١ |
| بەڵێ تا رادەیەک | ١٦ | %٣٠.٨ |
| بێ لایەن | ٣ | %٥.٨ |
| نەخێر تارادەیەک | ٦ | %١١.٥ |
| نەخێربە هیچ شێوەیەک | ٣ | %٥.٨ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبووە وڵامی ( بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر) بە رێژەی( ٤٦.١%) دواتر وڵامی (بەڵێ تارادەیەک) بە رێژەی (٣٠.٨%) دواتر ولامی (نەخێر تارادەیەک) بە رێژەی (١١.٥%) دواتر وڵامی ( نەخێر بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ، بێ لایەن بوون) بە رێژەی (٥.٨%) ئەمە ئەوە دەردەخات رێکخراوەکە گرینگیەکی باشی داوە بە دابینکردنی پێداویستیەکانی کارکردن.

**٥.٢گۆڕاوی دووەم/ئەدای کارکردن**

**پ١**/پێیت وایە ڕێکخراوەکە کاردەکات بۆ باشترکردنی ئەدای تاکەکەسی کارمەندەکان بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردن؟

| وڵامەکان | دووبارەبووە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ٢٣ | %٤٤.٣ |
| بەڵێ تارادەیەک | ١٣ | %٢٥ |
| بێ لایەن | ٠ | %٠ |
| نەخێر تا رادەیەک | ١٥ | %٢٨.٨ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ١ | %١.٩ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین ڕێژەی دووبارەبونەوە بریتیە لە وڵامی ( بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر) بە ڕێژەی (%٤٤.٣) دواتر وڵامی (نەخێر تارادەیەک) بە ڕێژەی (%٢٨.٨) دواتر وڵامی (بەڵێ تا رادەیەک) بە ڕێژەی (%٢٥) وە دواتر ولامی ( نەخیر بە هیچ شێوەیەک) بە ریژەی (%١.٩) وە دواتر وڵامی ( بێ لایەن) بە ڕێژەی (%٠) ئەمە واتای ئەوەیە ڕێکخراوەکە بە شیوەیەکی باش کاری کردووە بۆ باشترکردنی ئەدای تاکەکەسی کارمەندەکان.

**پ٢**/ پیت وایە هەبوونی متمانەو هاوکاری لە نێوان کارمەندەکان هۆکارە بۆ باشتربوونی ئەدای کارمەندەکان؟

| وڵامەکان | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ٣٢ | %٦١.٧ |
| بەڵێ تارادەیەک | ١٣ | %٢٥ |
| بێ لایەن | ٣ | %٥.٧ |
| نەخێر تا رادەیەک | ٣ | %٥.٧ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ١ | %١.٩ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە / ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانە

بەرزترین ڕێژەی دووبارەبونەوە بریتیە لە وڵامی ( بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر) بە ڕێژەی (٦١.٧%) وە دواتر وڵامی (بەڵێ تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (٢٥%) وە دواتر وڵامی (بێ لایەن ، نەخێر تا ڕادەیەک) بە ڕیژەی (٥.٧%) وە دواتر وڵامی (نەخێر بە هیچ شێوەیەک) بە ڕێژەی (١.٩%) ئەمە ئەوە دەردەخات هەببونی متمانەوە هاوکاری لەنێوان کارمەندەکان کاریگەری هەیە لەسەر باشترکردنی ئەدای کارمەندەکان.

**پ٣**/ پێت وایە باشترکردنی پەیوەندی لە نێوان کارمەندەکان لەگەڵ یەکتری وەهەروەها لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئەدای کارمەندەکان؟

| وڵامەکان | دووبارەبوەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بەڕێژەیەکی زۆر | ٣٠ | %٥٧.٨ |
| بەڵێ تا ڕادەیەک | ١٥ | %٢٨.٨ |
| بی لایەن | ٤ | %٧.٧ |
| نەخێر تا ڕادەیەک | ٣ | %٥.٧ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٠ | %٠ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبوەوە بریتیە لە وڵامی ( بەلی بە ڕێژەیەکی زۆر) بە ڕێژەی(٥٧.٨%) وە دواتر وڵامی (بەڵێ تا ڕادەیەک) بە ڕێژەی (٢٨.٨%) وە دواتر وڵامی (بێ لایەن) بوون بە ڕێژەی ( ٧.٧%) وە دواتە ولامی (نەخێر تا ڕادەیەک) بەرێژەی (٥.٧%) وە دواتر وڵامی ( نەخیر بە هیچ شێوەیەک) بەرێژەی (٠%) ئەمە ئەوە دەردەخات کەوا باشترکردنی پەیوەندی نێوان فەرمانبەرەکان لەگەڵ دەستەی کارگێری هۆکارە بۆ باشترکردنی ئەدای کارمەندەکان.

**پ٤**/پێت وایە بۆچوون و پێشنیارەکانی کارمەندەکان گرینگی پێ دەدرێت؟

| وڵامەکان | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ٧ | %١٣.٤ |
| بەڵێ تا ڕادەیەک | ٢٣ | %٤٤.٣ |

| | | |
|---|---|---|
| بێ لایەن | ٤ | %٧.٧ |
| نەخیر تارادەیەک | ١٧ | %٣٢.٧ |
| نەخیر بە هیچ شێوەیەک | ١ | %١.٩ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبوە بریتیە لە وڵامی ( بەڵی تا رادەیەک) بە ریژەی (%٤٤.٣) وە دواتر ولامی (نەخێر تارادەیەک) بە ریژەی (%٣٢.٧) وە دواتر ولامی (بەڵێ بە ریژەیەکی زۆر) بە ریژەی (%١٣.٤) وە دواتر وڵامی (بێ لایەن) بە ریژەی (%٧.٧) وە دواتر وڵامی (نەخێر بە هیچ شێوەیەک) بە رێژەی (%١.٩) ئەمە ئەوە دەردەخات رێژەی زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە رێکخراوەکە گرینگی دەدات بە بۆچوون و پێشنیارەکانی کارمەندەکان بەلام لە بەرامبەریشدا بەشێک لە کارمەندەکان پێیان وایە وەکو پێویست گرینگی نادرێت بە پێشنیارو بۆچوونەکانیان.

**پ٥/** پێت وایە دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارمەندەکان؟

| وڵامەکان | دووبارەبوەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵی بەرێژەیەکی زۆر | ٣١ | %٥٩.٦ |
| بەڵێ تا رادەیەک | ٨ | %١٥.٤ |
| بێ لایەن | ٤ | %٧.٧ |
| نەخێر تا رادەیەک | ٨ | %١٥.٤ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ١ | %١.٩ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبوەوە بریتیە لە وڵامی (بەڵێ بە رێژەیەکی زۆر) بە رێژەی (%٥٩٠٦) وە دواتر وڵامی (بەڵێ تا رادەیەک،نەخێر تا رادەیەک) دێت بەرێژەی (%١٥٠٤)

وە دواتر وڵامی (بێ لایەن) دێت بەرێژەی (%٧.٧) وە دواتر وڵامی ( نەخێر بە هیچ شێوەیەک) بەرێژەی (%١.٩) ئەمە ئەوە دەردەخات کەوا دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن هۆکارە بۆ باشتربونی ئەدای کارمەندەکان.

**پ٦**/ پێت وایە هەست بەرازیبوون دەکەیت لە ئاستی ئەدای کارکردنت؟

| وڵامەکان | دووبارەبوەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ١٣ | %٢٥ |
| بەڵێ تارادەیەک | ١٨ | %٣٤.٦ |
| بێ لایەن | ٨ | %١٥.٤ |
| نەخێر تا رادەیەک | ١٣ | %٢٥ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٠ | %٠ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبوەوە وڵامی ( بەڵێ تا رادەیەک) بە ڕێژەی (%٣٤.٦) دواتر وڵامی

(بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر،نەخێر تا رادەیەک) بەرێژەی (%٢٥) وە دواتر وڵامی (بێ لایەنن) بەرێژەی (%١٥.٤) وە دواتر وڵامی (نەخێر بە هیچ شیوەیەک) بەرێژەی(%٠) ئەمە ئەوە دەردەخات زۆرینەی کارمەندەکان لە ئەدای کارکردنیان رازین بەلام بەشێکی کارمەندەکانیش لە ئاستی ئەدای کارکردنیان رازی نین.

**پ٧**/ پێت وایە پشتگیری پێویست وەردەگریت لەلایەن ڕێکخراوەکە بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردنت؟

| وڵامەکان | دووبارەبوەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بەرێژەیەکی زۆر | ١٠ | %١٩.٢ |
| بەڵێ تارادەیەک | ١٨ | %٣٤.٦ |
| بێ لایەن | ٣ | %٥.٧ |
| نەخێر تارادەیەک | ١٤ | %٢٦.٩ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٧ | %١٣.٥ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبوەوە بریتیە لە وڵامی (بەڵێ تارادەیەک) بە ڕێژەی (٣٤.٦%) وە دواتر وڵامی (نەخێر تا رادەیەک) بەرێژەی (٢٦.٩%) وە دواتر وڵامی (بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر بەرێژەی (١٩.٢%) وە دواتر ولامی (نەخێر بە هیچ شێوەیەک ) بە ڕێژەی (١٣.٥%) وە دواتر وڵامی ( بێ لایەن) بە ڕێژەی (٥.٧%) ئەمە ئەوە دەردەخات زۆرینەی کارمەندەکان پێیان وایە پشتگیری پێویست وەردەگرن بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردنیان بەڵام ژمارەیەکی زۆریش لە کارمەندەکان پێیان وایە پشتگیری پێویست وەرناگرن بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردنیان.

**پ٨**/ پێت وایە کارمەندەکان توانای داهێنان و پەرەپیدانی کاریان هەیە؟

| وڵامەکان | دووبارەبووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | ٣١ | %٥٩.٦ |
| بەڵێ تا رادەیەک | ٧ | %١٣.٥ |
| بێ لایەن | ١ | %١.٩ |
| نەخێر تارادەیەک | ٥ | %٩.٦ |
| نەخێر بە هیچ شێوەیەک | ٨ | %١٥.٤ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە/ ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرانەوە

زۆرترین وڵامی دووبارەبوەوە بریتیە لە وڵامی ( بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر) بە ڕێژەی (٥٩.٦%) وە دواتر وڵامی ( نەخێر بە هیچ شێوەیەک) بە ریژەی (١٥.٤%) وە دواتر وڵامی (بەڵێ تا رادەیەک) بەرێژەی (١٣.٥%) وە دواتر ولامی (نەخێر تا رادەیەک) بەرێژەی (٩.٦%) وە دواتر وڵامی ( بێ لایەن) بەرێژەی (١.٩%) ئەمە ئەوە دەردەخات زۆرینەی کارمەندەکان پێیان وایە کارمەندەکان توانای داهێنان کردنو بەرەوپێشچونیان هەیە.

## بەشی چوارەم

تەوەرەی یەکەم/دەرئەنجام

تەوەرەی دووەم/پێشنیار

تەوەرەی سێیەم/سەرچاوەکان

## ٦.١ دەرئەنجام

١- کاری تیمی و هاوکاری نێوان کارمەندەکان کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارمەندەکان.

٢- ژینگەیەکی باشی کارکردن هۆکارە بۆ داهێنان کردن و باشترکردنی ئەدای کارکردنی کارمەندەکان.

٣- بەشێکی زۆری کارمەندەکان پێیان وایە ژینگەی کارکردنیان رێگرە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

٤- رێکخراوەکە وەکو پێویست بە شێوەیەکی پێویست دەرفەتەکان دابەش ناکات.

٥- بەشێک لە کارمەندەکان لەو شێوازە بەرێوەبردنەی لە رێکخراوەکە جێ بەجێدەکرێت نارازین.

٦- رێکخراوەکە گرینگی باشی داوە بە دابینکردنی پێداویستە گرینگەکانی کارکردن.

٧- رێکخراوەکە گرینگی باشی داوە بە باشترکردنی ئەدای تاکەکەسی کارمەندەکان.

٨- هەبوونی متمانەو هاوکاری لە نێوان کارمەندەکان هۆکارە بۆ باشتربونی ئەدای کارمەندەکان.

٩- باشترکردنی پەیوەندی نێوان کارمەندەکان لەگەل یەکتر وە لەگەڵ دەستەی کارگێری هۆکارە بۆ باشترکردنی ئەدای کارمەندەکان.

١٠- دروستکردنی ژینگەیەکی باشی کارکردن هۆکارە بۆ باشترکردنی ئەدای کارمەندەکان.

## ٦.٢ پێشنیار

١- پێویستە رێکخراوەکە دەرفەتەکان بە شێوەیەکی یەکسان لەنێوان کارمەندەکان دابەش بکات.

٢- پێویستە رێکخراوەکە کاربکات بۆ پێشکەشکردنی باشترین شێوازی بەرێوەبردنی رێکخراوەکە.

٣- گرینگی زیاتر بدرێت بە راهێنان کردن بە فەرمانبەرەکان.

٤- پێویستە ڕێکخراوەکە گرینگی زیاتر بدات بە بۆچوون و پێشنیارەکانی کارمەندەکان.

٥- پێویستە ڕێکخراوەکە گرینگیەکی زیاتر بدات بە ژینگەی کارکردن و باشترکردنی.

٦- پێویستە ڕێکخراوەکە پشتگیری پێویست پێشکەش بە کارمەندەکان بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردنیان.

## ٦.٣ سەرچاوە


١- ضنور رتيبة, دراسة علاقه بيئة العمل بالتقرار الوضيفي و٢٠٢٠-٢٠٢١،صفحة ٣٣-٣٧.

٢- منى خالدعكر ، المجلة الدولية البحوث والدراسات، تآريخ النشرسبتمبر ٢٠٢٠م، صفحة ٢٩

٣- د.عبدالناصر محمد آحمد، الدراسة – تآثير آدوات العمل وبيئة العمل المادية على درجة الرضا الوضيفى ،٢٠٢٤م، صحفة ١٤٣-١٤٤.

٤- فاطمة الزهرة هاشمي , الدراسة – محددات آداىٔ العاملين فى المؤسسة، ٢٠٢١- ٢٠٢٢م، صفحة ١٣٠.

٥- فصيلة نشاش، الدراسة – دور التدريب فى تحسين آداء العاملين، ٢٠٢٢م،صحفة ٧٥.

٦- آمال قريمس، دراسة- حوادث العمل و اداء العاملين،٢٠١٥-٢٠١٦،صفحة ٧٢.

٧- ثابت احمد، دراسة- دور بيئة العمل فى اعادة صياعة مفهوم غيموز نجيب الوضائف،٢٠٢٢م، صفحة ٢٦.

٨- فاروق بوشية، دراسة – آثر بيئة العمل الداخيلية على آداء العاملين،٢٠١٧م،صفحة ١٢.

**(فۆرمی ڕاپرسی)**

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

بەشی تەکنیکی کارگێری کار

سڵاو لە ئێوەی بەرێز:

ئێمە وەکو توێژەران هەوڵدەدەین پرۆژەیەکی توێژینەوە ئامادەبکەین لەژێر ناونیشانی **"کاریگەری ژینگەی کارکردن لەسەر ئەدای کارمەند"** توێژینەوەیەکی ڕاپرسیە لەسەر وەرگرتنی بۆچوونی نمونەیەک لە کارمەندەکانی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان،کە ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لەمەرجەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کارگێری کار وڵام دانەوەی پرسیارەکان یارمەتیەکی گەورە دەبێت بۆ ئێمە سوپاسی هاوکاریتان دەکەین.

بەشی یەکەم: زانیاری کەسی

ڕەگەز: ☐ نێر ☐ مێ

تەمەن: ☐ ٢٠-٣٠ ☐ ٣١-٤٠ ☐ ٤١-٥٠ ☐ ٥٠-٦٠

☐ گەورەتر لە ٦٠ ساڵ

بڕوانامە: ☐ بێ بڕوانامە ☐ بڕوانامەی ئامادەیی ☐ بڕوانامەی دبلۆم

☐ بەکالۆریۆس ☐ دبلۆمی باڵا ☐ ماجستێر ☐ دکتۆرا

ساڵانی خزمەت: ☐ ١-٥ ☐ ٦-١٠ ☐ ١١-١٥ ☐ ١٦-٢٠

☐ زیاتر لە ٢١ ساڵ

**بەشی دووەم:** پرسیارکردن دەربارەی (ژینگەی کارکردن)، بۆ هەڵبژاردنی ئەو وڵامەی دەتەوێت هێمای راست ناو ئەو چوار گۆشەیە بدە کە مەبەستە.

| پرسیارەکان | بەڵێ بە ریژەیەکی زۆر | بەڵێ تا رادەیەک | بێ لایەنم | نەخێر تارادەیەک | نەخێر بە هیچ شێوەیەک |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- بەژداربوو لە ژینگەی کارکردنەکەی رازیە؟ | | | | | |
| ٢- پێت وایە کە لە ژینگەی کارکردن کاری تیمی و هاوکاری نێوان فەرمانبەران کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارمەندەکان؟ | | | | | |
| ٣- پێت وایە ژینگەیەکی باشی کارکردن یارمەتی دەرە بۆ داهێنان کردن و بەرزکردنەوەی ئەدای کارمەندەکان؟ | | | | | |
| ٤- وا هەست دەکەیت کە ژینگەی کارکردنەکەت رێگری لە پێشکەوتنی پیشەیی تۆ دەکات یان کاریگەری لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانت هەبێت؟ | | | | | |
| ٥- پێت وایە دەرفەتی یەکسان بۆ پەرەپێدانی کاری پیشەیی و بەرزکردنەوەی پلە هەیە لە رێکخراوەکەدا؟ | | | | | |
| ٦- لەو شێوازە بەرێوەبردنەی کە لە رێکخراوەکە پەیرەو دەکرێت رازیت؟ | | | | | |
| ٧- پێت وایە رێکخراوەکە گرینگی دەدات بە راهێنان کردن بە فەرمانبەرەکان؟ | | | | | |
| ٨-پێت وایە رێکخراوەکە هەموو ئامرازو ئامێرەکان دابین دەکات کەوا پێویستن بۆ ئەنجامدانی کارەکان؟ | | | | | |

**بەشی سێیەم**: پرسیارکردن دەربارەی ئەدای کارمەند

| پرسیارەکان | بەڵێ بە ڕێژەیەکی زۆر | بەڵێ تا ڕادەیەک | بێ لایەنم | نەخێر تا ڕادەیەک | نەخێر بە هیچ شێوەیەک |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- پێت وایە ڕێکخراوەکە کار دەکات بۆ باشترکردنی ئەدای تاکەکەسی کارمەندەکان بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردن؟ | | | | | |
| ٢- پێت وایە هەبوونی متمانەو هاوکاری لە نێوان کارمەندەکان هۆکارە بۆ باشتربوونی ئەدای کارمەندەکان؟ | | | | | |
| ٣- پێت وایە باشترکردنی پەیوەندی لەنێوان کارمەندەکان لەگەڵ یەکتری وەهەروها لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئەدای کارمەندەکان؟ | | | | | |
| ٤- پێت وایە بۆچوون و پێشنیارەکانی کارمەندەکان گرینگی پێ دەدرێت؟ | | | | | |
| ٥- پێت وایە دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارمەندەکان؟ | | | | | |
| ٦- پێت وایە هەست بەرازیبوون دەکەیت لە ئاستی ئەدای کارکردنت لە کارەکەتدا؟ | | | | | |
| ٧- پێت وایە پشتگیری پێویست وەردەگریت لەلایەن ڕێکخراوەکەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردنت؟ | | | | | |
| ٨- پێت وایە کارمەندەکان توانای داهێنان و پەرەپێدانی کاریان هەیە؟ | | | | | |